## بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنــان : ٦**
**رۆژی دەرهێنــان : ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سالّی (١٩٩٢)و ، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لـە ئەنـدامانی ئەنجومـەن و ئـەو یاسـاکارییەش کـە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨) یـدا ئەنجامی داوەو بە پێی ئەو دەسەلاّتەش کە برگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی سالّی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیـاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەماندا :

### یاسای ژمـــارە ( ٦ )ی ســالّی ( ٢٠٠١ )

**ماددەی یەکـەم :**

هەر پیاوێ لە دەرەوەی دادگا مارەی ژنی خۆی ببڕێ سزا دەدرێ بە حەپس کردنی بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە سالێك زیاتر نەبێ ، یان بـە غەرامەیـەك لـە (٣) سـێ هـەزار دینـار کـەمتر نەبێ و لە پێنج هەزار دینار زیاتر نەبێ . خۆ ئەگـەر هـات و ژنـی هـەبوو و لـە دەرەوەی دادگـا ژنێکـی دیکەی بەسەر هێنا ، ئەوە لەو بارەدا سزای حەپسییەکەی بۆ ماوەیەك دەدرێ لە (٣) سێ سالّ کـەمتر نەبێ و لە پێنج سالّیش زیاتر نەبێ .

**ماددەی دووەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار .

**د. رۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆکی ئەنجـومەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێـراق**

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com